ROJî GEl , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

ژووانگە

# نیان عەبدوڵڵا گلەیی لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات



بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی پەیامنێر، نیان عەبدوڵڵای گۆرانیبێژ، دەڵێ:وەزارەتی رۆشنبیری بەڵێنی خۆی بەجێ نەگەیاندووەو بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومەکەم هاوکاریان لەگەڵدا نەکردووم.

لەسەر بەڵێنی وەزارەتی رۆشنبیری، نیان عەبدوڵڵای گۆرانیبێژ تێکۆشاوەو 10 گۆرانی ئامادە کردووە، بەوهیوایە بووە وەک بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بە کوردستانیانی بکات، بەڵام لە دوا وێستگەدا وەزارەتی رۆشنبیری پەشیمان بۆتەوەو هاوکاری نەکردووە.

نیانی دەڵێ؛ وەزیری رۆشنبیری بەڵێنی هاوکاریکردنی پێدابووم، بەڵام کە سەردانی بەڕێوەبەرێتی هونەری مۆزیکی شاری سلێمانیم کرد، پێیانڕاگەیاندم کە لەسەر بڕیاری خودی وەزیر پێدانی نووسراو راگیراوە، دواتریش لە وەزارتی رۆشنبیری پیانگوتم کە هاوکاری کردنی هونەرمەندان راگیراوە!!

نیان گوتویەتی: خۆزگە وەزارەتی رۆشنبیری بەچاوێک سەیری هەموو هونەرمەندانی دەکرد، بەدرێژایی کاری هونەریم تەنا لە سەر ئەرک و ماندووبوونی خۆم و گیرفانی خۆم کارم کردووە، ئێستاکەش چاوەڕێ دەستی ئەوان ناکەم.

# تاتلیساز: تۆرکۆت ئۆزال وەشانی کوردی دەخواست

**ئیبراهیم تاتلیساز**، گۆرانیبێژی ناوداری تورک لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی بوگون دا هەندێ شتی سەیری درکاندوە.

وەک دەگوترێ بە هۆی ئەوەی کە ئیبراهیم تاتلیساز نکوڵی لە کوردبوونی دەکات، ئێستا رەواجی لە کورتی داوە، بەرهەمەکانی کەم دەفرۆشرێن، بە درکاندنی ئەو راستیانە دەیەوێ بازاڕی خۆی گەرم بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بە ئەندامێتی لە چەتەکانی ساونای تۆمەتبارکرابوو، بۆیە ئێستا بە داوەتنامەی کەناڵی ATV ئا تی ڤی خۆشحاڵ بووە.

هەر بەگوێرەی رۆژانامەکە، تاتلیساز بۆ پێشکەسکردنی بەرنامەی ئیبۆشۆ لەگەڵ کەناڵی ئاتی ڤی ریک کەوتۆتەوە.

تاتلیساز لەو هەڤپەیڤینەدا قسەی زۆری کردووە، رۆژنامەکەش ئەمانەی کردووە بە سەردێری دیدارەکە:

"ئەگەر ئێستا ئەحمەد کایا لە ژیاندا بووایە، هەمان قسەی بکردبایە، بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵدا نەدەکرا"، "تۆرکۆت ئۆزال دەیویست وەشانی کوردی دەست پێبکات"، "لەبەر ئەوەی من هەژاردبووم، ئەوەی کچەی کە خۆشم دەویست، پێیان نەدام، من پاش 25 ساڵان گوێم لە دەنگی ئەو بۆوە"، "من لە سەربازیدا فێری خوێندن و نووسین بووم، من 22 مانگ سەربازیم کرد، دەتوانم 18 مانگی دیکەش سەربازی بکەم".

ئەگەر لەو قسانەی تاتلیساز وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەیەوێ جارێکی دیکەش سۆزی کوردان بەلای خۆی رابکێشێتەوە. هەروەها بەڵێنی داوە کە بەم زووایە چەند گۆرانییێکی کوردی لە دوو توێ ئەلبومێکدا بڵاو بکاتەوە.

وەک دەگوترێ باوکی ئیبراهیم تاتلیساز کوردبووە، بەڵام نکۆڵی لە کوردبوونی خۆی دەکات، زۆر جاران گوتویەتی دایکم کوردەو باوکم عەرەبە و خۆشم تورکم. کاتی خۆی خوالێخۆشبوو، مەحمود باکسی لەو بارەیەوە شتێکی نووسی بوو، گوتبووی: ئەوەی ناچێتەوە سەر دایک و باوکی خۆی، دەبێ هێستر بێ، چونکە هێستر لە کەرو ئەسپ دروست دەبێ، ئیبراهیم تاتیسازیش کە نەچۆتەوە سەر دایک و باوکی خۆی، دەبێ شتێکی لەو بابەتە بێ.

# رۆنی زەیتون شەڕی شێرپەنجەی مەمک دەکات



شێرپەنجەی مەمک بەربڵاوترین نەخۆشیە کە دووچاری ژنان دەبێتەوە و هەڕەشەی مەرگیان لێدەکات. هەرچەندە کە ئێستا زانست گەئشتۆتە ئاستێک بە بتوانێ تا ئاەندازەێکی باش بەرگری لەو نەخۆشیە بکات، بەڵام مخابن زۆر جاران بە بڕینەوەی مەمک کۆتایی پێدەهێنرێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرفتێکی دیکە بۆ ژنەکە دروست دەکات.

تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ شێرپەنجەی مەمک ئەنجام دراون، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە کە ژنان لەو مەترسیە دەرباز بکەن، بەڵام لە دواین لێکۆڵینەوەدا کە زانایانی ئیسپانیا ئەنجامیان داوە، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە رۆنی زەیتون چالاکانە شەڕی شێرپەنجەی مەمک دەکات، چونکە ترشەڵۆکی کاربۆلیکی تێدایە، ئەمەش هاوکاری گرنگی مەمک دەکات تا خۆی لەو نەخۆشیە بپارێزێ.

خافیێر مەندیز لە پەیمانگەی زانستی وەرەم لە کاتالۆنیا، ئاشکرای کردووە کە چالاکی بیۆلۆژی بۆ ترشەڵۆکی کاربۆلیک کە پێچەوانەی ئۆکساندنی سروشتیە و لە رۆنی زەیتون دایەو بەربەرەکانی لەگەڵ گەردیلەکانی سەرەتانی مەمک دا دەکات.

لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ و بایەخدار سەبارەت بە ترشەڵۆکی کاربۆلیک سەلماندوویەتی کە لە توانای داهەیە کە شێرپەنجەی مەمک HER2 رابگرێ و کار بۆ نەهێشتن و لەناوبردنیشی بکات.

زانایانی ئیسپانیا ئاماژەیان بە ئاکامەکان کردووەو دەڵێن دڵنیامان دەکەنەوە کە کیمیاوی تیشکی دەکرێ وەک بنەمایێکی پتەو وەربگیرێ و لە گیراوەی دژ بە شێرپەنجەی مەمک سوودی لێوەربگیرێ.

# بەدوو جاران دەبێتە دایکی 14منداڵ



ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی داپۆشی، بەوهۆیەوە ئێستا ئەو ژنێکی ناودارو ناسراوی جیهانە.

**نادیا سلێمان** ژنێکی تەمەن 33 ساڵانە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهاوکاری پزیشکەکان باردار بوو، بەڵام زگێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بارێکی قورس و گران بوو.

نادیا هەستی دەکرد رۆژ دوا یرۆژ زگی گەورەو گەورەتردەبی، بۆیە بەردەوام سەردانی پزیشکی دەکرد، ئەوان پێیاندەگوت کە دووانەی دەبی، بەڵام پێیان نەگوتبوو کە هەشت منداڵی بە جاریک دەبێ. سەرەنجام هەشت منداڵ هاتنە دنیاوە، بەوهۆیەوە نادیا سلێمان بوو بە دایکی 14 منداڵ، چونکە پێشتریش بە زگێک شەش منداڵی ببوو.

کاتێک نادیا دووەمین زگی داناو هەشت منداڵی هێنا ژیانەوە، وێنەی منداڵەکان

# برادەر ئەلبومێکی نوێ بەرهەمدێنێ



گۆرانیبێژی ناسراوی کوردستان، **برادەر** دواین ئەلبوومی خۆی لەژێر ناوی دیوانمە بڵاوکردەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەلبومەکەی برادەر لە نۆ تراکت پێکهاتوە کە زۆربەیان بۆ خۆی هۆنراوەو ئاوازی بۆ داناون.

برادەری هونەرمەند ئەلبومەکەی خۆی لە باشووری کوردستان ، تورکیاو هۆڵەنداوە ئامادەکردووە، هەروەها کۆڕەک موزک و سەس پلاک بەرهەمیان هێناوە.

شەهید بێ ناو یەکێک لەو گۆرانیانەیە کە لە دواین ئەلبومی برادەردا جێی گرتووە واش چاوەڕوان دەکرێ کە پێشوازی گەرمی لێبکرێ.

بەوبۆنەیەوە دەست خۆشی لێدەکەین و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

# سەفەر و کۆتایی ڕێگا

**شوان حەسەن**

کە دەڕۆیشتین ڕێگام دەخوێندەوە
بۆنی باران و نانی لێدەهات
هەزاران پێ کوتابوویان
گەر باران نەبێ
هیچ لاپەڕەیەکی ڕێگات پێ هەڵنادرێتەوە
شوێن پێیەکان یەکتر بزردەکەن
*****
ڕووناکی سێبەری هەنگاوەکانمی دەکوژاندەوە
بەر لەوەی تۆ ماچ بکەم
شوێنەوارم جێ نەدەهێشت
کە وێڵی
ڕێگای دۆزیەوە
هێندە هیلاک ببوو
قوچەکێکی کردو خەوت
*****
درەختێک بۆ قومێک ئاو دەچەمایەوە
سەر ڕێگا
سێبەریش کەسکایی دەدزی و
بە شەویش لە سەر گازەرەی پشت
لێی ڕادەکشا
*****
هەموو بەیانیەک ڕێگا
پۆستی بۆ ئەو ماڵانە دەبرد
کە ناونیشانیان بە جێ هێشتبوو
ئەوانیش دەستیان دەگرتوو
لە جۆگەلەکان دەیان پەڕاندەوە
*****
ئەوانەی لە سەر ڕێگا
دەمرن
لە دلۆپەکانی سەرابا دەبن بەناونیشان
لە مرۆڤ بوونا دەبن بەکرم
*****
١٠٣٥گوڵەبەڕۆژەی لە پەرچەمی ڕێگادابوو
قاندرمەی خستبووە ژێر تیشکی ڕۆژ
قریوەیی بۆ جوانی لێ دەدا
دەبینن چۆن بۆ یەک دەچەمێنەوەو
تێک دەئاڵێن
ئێستاتیکا بە فێنکی گیرفانەکانی پڕ لە
گوڵەبەڕۆژە دەکردو
بەدەم ئاوابوونا دەیقرتاند
*****
لە ساڵ یادی لە دایک بوونی زەوی
ساماڵی زیوین
قژی ڕێگاکانی تاڵ تاڵ ڕەنگ دەکرد
*****
ڕێگا پڕ دەبوو
لەگەنم و ئاو
کە قیر هات
قاچی چۆلەکەکانی داغ کرد
لەو ڕۆژەوە
ڕێگا مرد
خۆر چیتر
ملوانکە
بازنەی وەک دیاری
بۆ زەوی نەنارد

shwanhassan@hotmail.com

# %30 بۆ ژنان

پەرلەمانی کوردستان لە سەر راسپاردەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدارییپێکردنی ژنان لە پەرلەمان بە رێژەی %30 پەسند کرد، ئەمەش وەک مژدەیەکی خۆش باسی لێوەدەکرێ و وەک منەتێک بەسەر ژناندا دەیفرۆشنەوە، بەڵام راستیەکی ئاکام کوژەو ناکرێ وەک بنەمای دیموکراسی چاوی لێبکرێ.

هەڵبژاردن پایەی یەکەمی پرۆسەی دیموکراسی پێکدەهێنێ و سیستەمی دیموکراسیش دەچەسپێنێ، بەڵام کاتێک باز بەسەر ئەو پرنسیپە دەدرێ، دەبێ چاو لە راستیەکان لابدرێ و بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕوانین. ئەگەر ژنانی کوردستان ئەمە بە هەنگاوێکی ئەرێنی بنرخێنن و وەک بەرهەمی خەباتی خۆیان پێناسەی بۆ بکەن، بەڵام حەقیقەت شتێکی دیکەمان پێشان دەدات، چونکە ئەگەر هەڵبژاردن پایەی یەکەمی دیموکراسی بێ، ئەی بۆچی ژنان بە لیستی تەنیا خۆیان تاقی ناکەنەوە، یان بۆچی رازی دەبن کە لیستەکان و حزبەکان نازیان بەسەردا بکەن و وەک بەخششیش پێیان بفرۆشنەوە؟! بۆچی ژنان گوشار لە لیستەکان ناکەن تا رێژەی %50 پەسند بکەن، یاخود بۆچی کەسی شیاو بۆ شوێنێ شیاو بەربژار نەکرێ؟!

راستیەکەی دانانی هەر رێژەیەک بۆ ژنان یاخود نەتەوەکانی دیکە، شێوازی نادیموکراسیانە وەردەگرێ، باشە بۆچی ئەندامبوونیان بە رێژەی دەنگ وەرگرتن پێوانە ناکرێ؟! ئایا ئەمەش خۆی لەو دیاردە ئاوارتەیە نابینێتەوە کە ناوی نراوە رێککەوتن؟!

هەرچەندە کە رێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەن و شانازیش بە خەبات و تێکۆشانیانەوە دەکەن، بەڵام لە خۆڕانابینن کە لیستی سەربەخۆ دروست بکەن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوانە پاشکۆی حزبەکانن و لەپیناو ئامانجی حزبەکانیان تێدەکۆشن و بەو پشکەش رازی دەبن کە پیاوانی حزب پێیان دەبەخشن.

گومانی تێدانیە کە ژنان رێژەی %50ی کۆمەڵ پێکدەهێنن، بەڵام خەبات بۆ ئەوە دەکەن کە پیاوان رێژەی %30یان پێ رەوا ببین، ئەمە نەک کێماسی و هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵکو خەوش و عەیبێکی نە شاراوەشە.

ئایا تاکەی ئێمە خۆمان بەو بەندو باڵۆرانە فریو دەدەین؟! لەکام شوێنی جیهان هەبووە کە رێژە بۆ هەڵبژاردن دابنرێ؟! ئاخر هەڵبژاردن واتە کێبەرکێ لەسەر وەدەستهێنانی دەنگ و پێشاندانی شیان و لێهاتوویی، خۆ ناکرێ بگوترێ کە ژنی شیاوو لێهاتوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا قاتیە، بۆیە پیاوان خێریان پێدەکەن و رێژەیان بۆ دادەنێن؟! باشە بۆچی ژنان خۆیان بیر لە وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت ناکەنەوە؟! تۆ بڵێی ئەمە بۆ پیاوان پاوان کرابێ و لەسەر رەگەزی نێر تاپۆ کرابێ؟!

تا ئێستا، زۆربەی حزبەکانی کوردستان رێگەیان بە ژنان نەداوە کە بگەنە سەرکردایەتی و مەڵبەندی بڕیاردەر، ئەی باشە چۆن رێژەیان بۆ دەبڕنەوە؟!

حکومەتی ئێمە کاتێک مووچەیەک بۆ کەمئەندامێک یان نەدارێک دەبڕێتەوە، پێوانەی خێرپێکردنی بۆ دەکات و وا دەزانی لە گیرفانی خۆیەوە پێیدەدات، بۆیە هەزاران جار بە جاوی دادەداتەوە، بڕینەوەی رێژەی %30یش دووپات کردنەوەی هەمان قەوانەو بەردەوام لێدەدرێتەوە، لەو چەند هەزار دینارە دەچی کە بۆ دەسکورت و بێوەژنان براوەتەوە، دەنا کێ بە ستەملێکردنی خۆی رازی بووەو ازی دەبێ؟!

ژنان رێژە پەسند مەکەن و پێگەی خۆتان بەهێز بکەن و لێهاتوویی خۆتان پێشان بدەن!

**هاوکارێکی رۆژی گەل**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-11-14 21:44:00 |
| Change Number: | 503 |
| Last Saved On: | 2009-02-14 12:29:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 668 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:29:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 91 (approx.) |
| Number of Characters: | 483 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com